ژمارەی تووشبووانی ڤایرەسی ئایدز لە جیهاندا بەرزبوونەوە



نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی نوێدا ڕایگەیاند، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرەسی HIV لە ساڵی 2023دا نزیکەی 40 ملیۆن کەس لە جیهاندا بووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، کە لێژنەی دووشممە بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە 9 ملیۆن لەو کەسانە هیچ چارەسەرێکیان وەرنەگرتووە، لێئنجامدا لە هەر خولەکێکدا کەسێک بەهۆی نەخۆشییە پەیوەندیدارەکانی ئایدزەوە گیانی لەدەستداوە.

ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە لە ساڵی 2023دا نزیکەی 630 هەزار کەس بەهۆی نەخۆشیەکانی پەیوەست بە ئایدزەوە گیانیان لەدەستداوە، کە ئەمەش کەمبوونەوەیەکی بەرچاوە لەچاو ئەو 2.1 ملیۆن کەسەی لە ساڵی 2004دا بەهۆی نەخۆشیەکە گیانیان لەدەستداوە.